
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 17-10-2006 20:28
بە ناوی کوردستانی گەورە!

soransa@hotmail. com

==============

## هەستی هۆنەر.... ح. س. سۆران



هەستی هۆنەر وا بەهەستە
بەرۆژ و شەو، بە مەی مەستە
بەرجەوەندی سەردەمی ژین
پژە، بۆئەم لە قاقا و شین:
مەسەل، چاوی نەرم و بەێەك
گەلاوێژی گەشی فەلەك
گۆ و بەرۆك و دەست وبازن
كە مۆسیقای بزە و نازن
بەهار، چیمەن لە گوێی رووبار
كە ئیكسیرە بۆ گەستەی مار
خوژەی هەێدپر یا شەتاوان
زەل و زنەی دەم زناوان
كە زەنوپرە دەور و پشتی
كە ماكووزە هەمو گشتی
یا گیاژەشی بەهارە شەو
كە داێدەیە بۆ ژوان و خەو
گرمەی هەوری مانگی گوێان
كە، دائەخورپێنی دێیان
یا شەوەكی كاتی بەهار
جریوەی مەل، لە دپ، لە شار
یا چواردەی مانگ، لە هاوین دا
بە شەو، لەگومەزی شین دا
گەێارپزی گەێاریزان
كە چێ ئەیخەن بۆ ئامیزان
یا بەیانی، كاتی زستان
رووگەی دێی چۆێ پەرە ستان
كاتێ وەسێ ئەبن لە چاو
وەك كارەبای قەوی بە تاو
گێۆپی دێ رووناك ئەكەن
ئەو بیغەش و زگماك ئەكەن
تەكان ئەدەن هەست وخەیاێ
قەێەم وادپتە گوژ و گاێ

گا گەشەی دێ، گاهێ گرین
تاوێ کەنین، تاوێ ئەسرین
بۆیە سۆران لە هەر شوێنێ
بە پێنووسی دوژ ئەچێنێ.